## عەبدوڵڵا سابیر بۆ

# یەکگرتنەوەی هەردوو پەروەردەی (١و٢) بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین بوو



**بە چاکمان زانی دیمانەیەک لەگەڵ عەبدوڵڵا سابیر بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بکەین بۆ زیاتر زانین و تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی تێکەڵاوبوونی هەردوو پەروەردەی (١و٢)ی هەولێر**

**راپۆرت: رەوەند سابیر**

*** وەک دەزانین ژمارە سەرەتاییەکان لە پەروەردەی یەک نزیکەی (١٢٣) قوتابخانە دەبێت کاتێک کە دەبێتە تێکەڵاو لەگەڵ پەروەردەی دوو ژمارەی قوتابخانەکان دەبێتە چەند؟**

– پەروەردەی دوو نزیکەی (٢٤٦) قوتابخانەیان هەبوو بە ناوەندی و سەرەتاییەوە، بەڵام ناحیەی شەمامک کە نزیکەی (٤٦) قوتابخانەی هەیە دوای تێکەڵاوبوونەکە ناحیەی شەمامک دەکەوێتەسەر پەروەردەیی دەشتی هەولێر، بەڵام ناحیەی بەحرکە و عەنکاوە سەر بە پەروەردە تێکەڵاوەکەیەو هەموو قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی (دوو) تێکەڵاوی پەروەردەی یەک دەبێت، بە تێکەڵاوبوونی هەردوو پەروەردە (٥٠٠) قوتابخانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئێمە.

*** ئایا بارگرانی بۆ ئێوە زیاتر نابێت؟**

– بێ شک ژمارەی قوتابییان و مامۆستایانی زیاتر دەبێ کارەکانمان و ئەرکمان دوو ئەوەندە دەبێت، سەرپەرشتیارەکانیش ، لێکدەدرێن و تێکەڵاو دەبن و ئەرکیان زیاتر دەبێ، بەڵام بەرنامەی خۆمانمان داناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئیشوکارەکان.

*** ئەدی باڵەخانەی قوتابخانەکان چۆن دەبێت؟**

– ئەگەر سەیری باڵەخانەی پەروەردەی (١) بکەین هەم یەکەی سەرپەرشتیارو هەم یەکەی پەروەردەیی تێدایە بەهەمان شێوە پەروەردەی (دوو)ش هەروایە، بەڵام ئێمە یەکێکیان تایبەت دەکەین بەسەرپەرشتیاران، یەکێکیان تایبەت دەبێت بە پەروەردە، باڵەخانەکانی پەروەردە دەگۆڕێت شوێنی پەروەردەیی دوو دەبێتە جێگای یەکەی پەروەردەیی و پەروەردەی بەگشتی دەبێتە جێگای یەکەی سەرپەرشتیاران و کۆگاکانیش دەبنە یەک کۆگا.

*** یەک گرتنەوەی هەردوو پەروەردە یاخوود تێکەڵاوبوونیان لەسەر چ بنەمایەک بووە بۆ چ مەبەستێک بووە؟**

– بێگومان ئەوکارە لەسەر راسپاردەی وەزارەی پەروەردە بووە بۆ کەمبوونەوەی رۆتین، وەزارەت درکی بەبوونی رۆتینێکی زۆر کردووە، ئێستا نامانەوێ رۆتین زۆر بێت جاران زۆر ئەرکێکی قورس بوو بۆ مامۆستاو قوتابییان گواستنەوەیان لە پەروەردەیەکەوە بۆ پەروەردەیەکی دی، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە ئێمە پەروەردەیەکی تێکەڵاومان هەیە.

*** دابەشبوونی فەرمانبەران لەسەر چ بنەمایەک دەبێ؟**

– فەرمانبەران لەبەردەستن تاکو یەکەی سەرپەرشتیاران هەموو وەردەگرین و لەسەر بنەمای لێهاتوویی جێگای باشیان بۆ دادەنرێت و لێژنەمان هەیە بۆ دابەشکردنیان.

*** سیستەمی بنەڕەتی تا چەند سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، واتا ئەو سیستەمە نوێیە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق پەیڕەودەکرێ؟**

– بێگومان سەرەتا پەیڕەوکردنی هەر سیستەمێک یان بڵێین ئەگەر بتەوێ گۆڕانکاری لە سیستەم بکەی سەرەتا تووشی کێشە دەبی ، بەڵام ئێمە هەوڵی کەمکردنەوەی کێشەکانمان داوە بۆ نموونە قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی (١ تاکو پۆلی ٩)یە، بەڵام ئەگەر سەیری باڵەخانەی قوتابخانەکانمان بکەین شەش پۆلە، بۆیە ئێمە وامان دابەش کردووە لە پۆلی (١) تا پۆلی (٦) لە باڵەخانەیەک وە ٣ پۆلەکەی دی لە باڵەخانەیەکی دیکە، بەڵام کێشەیەکی دیکەمان هەیە دەڵێ: ئەوەی دەبێتە بەڕێوەبەر دەبێت دەرچووی پەیمانگا نەبێت، بەڵکو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە ئەوانەی دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانن بیانکەین بە بەڕێوەبەر، بەڵام وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا خەریکە کۆلیژێکی پەروەردەی بنیاتی ئێواران بکەنەوە بۆ



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٤ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

هەموو ئەم مامۆستا سەرەتاییانە کە بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە، بەڵام دەبێت ئەوانە زیاتر تەمەنییان زۆر تێنەپەڕێت.

*** بەڵام لێرەدا تووشی کێشە دەبن، ئایا دەبێت کام سەرپەرشتیار بچێت سەردانی مامۆستاکە بکات، لە کاتێکدا کە سەرپەرشتیارەکان زۆربەی بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە؟**

- بەدڵنیاییی تووشی ئەم کێشەیە دەبین، بەڵام هەوڵمانداوە کە سەرپەرشتیارەکانیش بچن بۆ ئەم کۆلیژەوە سوود وەربگرن لەم کۆلیژە.

*** وەک دەزانین وەزارەتی پەروەردە بەنیاز بوو لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخراوەکان پەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایان بکاتەوە؟**

- خۆی چەند ساڵە پەیمانگای پێگەیاندن داخراوە، بەڵام ئەمساڵ وا پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەموو شارەکان دادەخرێ، چونکە دەمانەوێت مامۆستای قۆناغی سەرەتایی یاخود بڵێین بنەڕەتی بڕوانامەی کۆلیژی هەبێت.

*** ئێستا گواستنەوەی مامۆستایان بە بەدیلە واتا کاتێک دەبێت مامۆستایەک بگوازرێتەوە لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە دەبێت بەدیلی هەبێ مامۆستایان زۆر نیگەرانن لەو حاڵەتە؟**

- ئێمە کێشەیەکی زۆرمان هەیە ، چونکە زۆربەی مامۆستایان بەتایبەتی ئافرەتەکان دەیانەوێت هەر چۆنێک بێت لە نزیک ماڵی خۆیان بن، بەڵام لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازیمان هەیە، لە گەڕەکە میللییەکان خەڵکەکە دەرچوویان کەمە بۆیە کێشەی کەمی مامۆستایان هەیە، بەڵام لەگەڕەکەکانی دیکە وەکو (ڕووناکی، ئیسکان، هتد..) لەوانە خەڵکەکە دەرچوویان زۆرە، بۆیە مامۆستامان زۆرە، بۆیە دەبێت بەزۆری مامۆستاکە بگوازرێتەوە، بەڵام هەوڵدەدات بگەڕێتەوە نزیک ماڵی خۆی، بۆیە ئێمەش هەوڵدەدەین کە شوێنی مامۆستاکە بەتاڵ نەبێت مامۆستایەکی لە شوێنی دادەنێین، ئەمە لەڕووی مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی، بەڵام هەرچی مامۆستایانی تایبەت بەوانەیەکی وەک فیزیا یان هەر بابەتێکی دی ئەگەر بگوازرێتەوە، دەبێت جێگای هەر چۆنێک بێت چۆڵ نەبێت، چونکە پڕۆسەی خوێندن بەردەوام نابێت .

*** تا چەند هاوسەنگیتان دروستکردووە لە نێوان قوتابخانەکان، بۆ نموونە قوتابخانە تورکمانییەکان کە ژمارەی مامۆستایانی زۆرە؟**

- بەدڵنیاوە بۆ قوتابخانە تورکمانییەکان بڕیارێکی سیاسییە دەمانەوێ تورکمانەکان هەست بەبوونی خۆیان بکەن.

*** ڕاستە دامەزراندنی مامۆستا لە دەورووبەری هەولێر بە مەرج دەبێت؟ تا چەند واستەو واستەکاری کاری پێ دەکرێ؟**

- بێ شک وڵاتی ئێمە هەموو کەسێک پێش دامەزراندنی واستە دەکات مەرجی دامەزراندنی مامۆستا لە دەورووبەر یان دەبێت کورە شەهید بێ کە بۆ شەهیدان ئەم ئاسانکارییە کراو، یاخوود بۆ ئەو ئافرەتانەی کە خێزانیان پێکهێناوە.

*** وەک دەزانین لەم سیستەمە نوێیەدا لە پۆلی (١-٣) هەمووی دەردەچێت ئەوەش تا چەند کاریگەری لەسەر خودی قوتابییەکە هەیە بۆ فێربوونی وانەکان؟**

- بەڵێ دەرنەچوون نییە لە پۆلی (١-٣) هەمووی دەردەچێت ئێمە زیاتر هەوڵی ئەوەمان داوە کە قوتابخانە لەبەردەم قوتابی شیرن بکەین وانەکەین کە قوتابی ڕقی لە قوتابخانە بێتەوە، بەڵام ئێمە شتێکمان هەیە لەو سیستەمە هەر باوکێکی قوتابی خۆی بێت بۆ قوتابخانە بە بەڕێوەبەرەکە بڵێت کە منداڵەکەم لەو ئاستەدا نییە کە دەربچێت لەو کاتەدا قوتابییەکە دەرناچێنرێت.

**ئەمساڵ سیستەمی یەکپۆشی پەیڕەودەکەین**

*** ئەمساڵ جلوبەرگی قوتابییان چۆن دەبێت ئایا هەمووی یەکپۆش دەبێت واتا (“ Í «*uŠb) دەبێت؟**

- ئێمە ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین کە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان یەک جۆرە جلوبەرگ بێت، چونکە لە ساڵانی پێشوو بەئارەزووی بەڕێوەبەر جلوبەرگەکە دادەنرا یان دەیانگوت: بەڕێوەبەر لەگەڵ کۆمپانیا یاخود بەرگدروێک پێکهاتووە، لەکاتی گواستنەوەی قوتابییش کاتێک لە قوتابخانەیەک دەبوو جۆرە جلێکیان لەبەربوو، بەڵام کاتێک دەگوازرایەوە قوتابخانەیەکی دیکە دەبووایە دووبارە جلوبەرگەکە بگۆڕێت، ئەوەش دەبووە ئەرک بۆ دایک و باوکی قوتابیان، ئێستا دەمانەوێت قوتابی لە قوناغی بنەڕەتی لە پۆلی (١-٩) یەک جۆرە جلوبەرگ بێت لە ناو شاردا، ئامادەیش جۆرە جلێکی دیکە بێت ، بۆ ئەم مەبەستەش یاداشتێکمان ئاراستەی وەزارەت کردووە ، جۆرە جلوبەرگەکەشمان دەستنیشانکردووە، وەڵامی وەزارەتیش ئەوەیە کە دەبێت کۆبوونەوەیەکی لەسەر بکەین و لەسەر هەموو هەرێمی کوردستان (گشگیری) بکەین وەبەو نزیکانەش جۆری جلوبەرگەکە ڕادەگەیەنرێت پێش دەستپێکردنی قوتابخانە.

---



لێرەوە دەیڵێم

ئازاد هەینی

# ئاوی سلێمانی!!

لەهەموو شارێکی ئەم وڵاتە ئەگەر کێشەی نەبوونی ئاو هەبوایە تەنها لە شاری سلێمانی نەبوو، هەر مزگەوت و گەڕەکێکی ئەم شارە، کانی و حەوزی پڕ ئاوی تیابوو، ئێمەی هەولێری، کاتێ بەسەردان دەچووینە سلێمانی هەردەبا بچووباینە مەرقەدەکەی (کاکە حەمەدی شێخ) و مزگەوتەکەی (حاجی خان) بۆ زیارەت و سەیرکردنی ئەو کانییە پڕ ئاوە دەبوا بچووباینە سەر کارێزەکان، دوور لەهەموو نەخۆشییانە کە ئێستا لەم شارە هەیە، ئەمجارە لەگەڵ چوونم بۆ ئەوێ ئەو برادەرانەی کە من بینیم لە جادەی سەهۆڵەکە هەر باس باسی نەخۆشی ڕشانەوەو سکچوونی منداڵان بوو، دەردی بێ ئاوی ئەوان بەم شێوەیەیە، بەڕاستی تا بەچاوی خۆم نەمدیبوو نەمدەزانی ئەو شارە جوان و پڕ کارێزە وا بەدەست بێ ئاوییەوە دەناڵێنێ، ئاخر توخوا ئەمە کەی هەقە شانزە ساڵە نەتوانراوە بچووکترین پڕۆژە بۆ ئەو بێ ئاوییە سازبکرێ، هەر ئەوەتا ئەمشەوە چوومە ماڵی خزمێکی نزیکمان لەگەڕەکی (ڕاپەڕین) کافر بەحاڵیان نەبێ، خۆ ئاو نەبوو بیخۆنەوە، هەر زۆر سەیرو سەمەرە بوو، هەفتانە تەنها دوو تانکی ئاوت دەدەنێ، باشە ئەمە کەی ژیانە، حکومەتێک بانگەشەی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و خۆشگوزەرانی خەڵک بکا لەولاشەوە جوانترین شار لەبەرنەبوونی بچوکترین پێداویستی بخنکێنێ، خۆ ئەم شارە داوای دوڕو ئەڵماس ناکا، تەنها داوای (ئاو)دەکا، ئەویشتان پێ دابین ناکرێ، حکومەتێک ئەمە بودجەی ساڵانەی بێ، ئاویش نەبێ بەیانییان دەم و ددانت بشۆی!!



أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٥ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

### رەشید تاهر: شوێنکاری وەزارەتا دارایی و ئابووری بو گوڤارا (هەرێمی کوردستان):

# ل هەرێما کوردستانی و ل ڤان نێزیکان ، دی پێشینەیا خانی و بەران (سلفا عەقاری) بو فەرمانبەر و وەلاتیيان دهێتە مەزاختن

**د دیدارەکا تایبەت دا دگەل رێزدار (رەشید تاهر) بریکاری وەزارەتا دارایی و ئابووری بو گوڤارا مە و هەوە ، گوڤارا (هەرێمی کوردستان) مە چەندین پرسیارێن گرێدای رەوشا ژیانا فەرمانبەر و خانەنشین و وەلاتیێن کوردستانی ژی کرن ، ب دلخوشی ڤە رێزداری ناڤهاتی بەرسڤا پرسیارێن مە دا..**

**دیدار / حەکیم بوتانی**

*** هەتا نوکە بو دانا پێشینەیا خانی و بەران (سلفا عەقاری) بو فەرمانبەر و وەلاتیيان ، چ هاتییە کرن ...؟**

– دەربارەی پێشینەیا خانی و بەرا کو ژ لایی پەرلەمانی کوردستانی ڤە رەزامەندی لسەر هاتییە کرن ، ئەڤ پێشینەیە بەری چەندەکی ژ لایی هەردوو وەزارەتێن دارایی ڤە هاتبوو پێشنیاز کرن و ، وانە ژی لگەل چەندین تێبینی و راسپاردە پێشکێشی ئەنجومەنی وەزیران کرییە ، ئەگەر رەزامەندی لسەر هاتە کرن ، دی کەڤیتە واری بجهـهینانی ... دڤی پروژەی دا کوژمەیەک هاتییە دیار ، ئەڤ کوژمە ژ سەنتەری باژێری بو ناڤ قەزایی دهێتە گوهورین ، دیسان ئەڤ پێشینە ل دویڤ هندەک خال و مەرجان دهێتە دان ، بو نموونە ئەو کەسی وەردگریت ، یی سوودمەند نەبیت بەری نوکە ، تشتی هەرە گرنگ یی بی خانی بیت ، پێدڤی یە ئەو کەسە ئەڤ مەرجە ژی دگرن وەرگریت ئەگەر عەرد وەرگرتبیت ژی یان کری بیت ... دەربارەی ڤی بابەتی ، ئەم ل وەزارەتا دارایی یا هەرێمێ چاڤەری بریارا ئەنجومەنی وەزیرانین ...

*** دەربارەی مووچەیی خانەنشینان ، ئەری گوهورینەک بسەردا هاتییە ..؟**

– دەربارەی مووچەیی ختنەنشینان ، ئەو ژی یی زێدەبووی ل دویڤ یاسا یا ژمارە (٢٧) یا جڤاتا نیشتمانی یا عیراقا فیدرال و ئەنجومەنی نیشتمانی یا کوردستانی ئەڤ یاسایە پەسەند کرییە و ، هەر ژ (١/١ / ٢٠٠٨) و هەتا (٢٠٠٨/٨/٣١) ب ئێک جاری لسەر ئێک دی هێتە خەرج کرن.

*** دەربارەی هێزێن ناڤخویی وەک پولیس و ئاسایش ئەری بو یێن خانەنشین کری تشتەک هەیە..؟**

– مووچە ل حکومەتا هەرێما کوردستانی چونکی ئەڤ یاسا ل پەرلەمانی عیراقا فیدرال هاتی یە بو پەرلەمانی کوردستانی ل سالا (٢٠٠٦)ی و دانوستاندن ناڤبەرا وەزارەتا دارایی بەغدا و ئەنجومەنی وەزیران بەغدا و پەرلەمانی بەغدا ل سالا (٢٠٠٨)ی کەتە جی بە جی کرنی ، ئەم ل حکومەتا هەرێما کوردستانی گەلەک فەرمانبەر هەبوون کو ڤی یاسایی هندەک ژ وان هاتبانە خانەنشین کرن ، حکومەتا هەرێما کوردستانی بریارەک دا ئەو کەسێن حەز کەن یان یاسا ژی بگریت خانەنشین بیت ٨٠٪ مووچی بدەنی تاکو یاسا تازە دەرکەڤیت ، ئەڤروکە یاسا تازە دەرکەت دەربارەی وان کەسێن هاتینە خانەنشین کرن ب تایبەت کو خزمەتا وان یا کێم بیت چ پولیس بن یان ئاسایش بن یان فەرمانبەر بن چێدبیت مووچی وان کێمتر لی بێت چونکە خانەنشینان هندەک رێنمایی هەنە کو ژ (١٥) سالان دەست پی دکەت تاکو (٣٥) سالان ، ئەوێن خزمەتا وان ژ (٢٠) سالیی پی هەل مووچی وان گەلەک نا ئێتە خاری بەلی ئەوێن خزمەتا وان (٢٠) سالا کێمتر مووچی وان دی کێم بیت، چونکە هنگی مە گوتبوو ٨٠٪ ئەم دی دەینی تاکو یاسا دەرگەڤیت ئەڤە یاسا دەرکەت ، دەربارەی پولیس و ئاسایش ئەوان یاسا خو یا تایبەت هەیە زێدەبوونا مووچەی ژی ناگریت ، زیادا وان و یاسا وان ل پەرلەمانی عیراقا فیدراله ئەگەر یاسا وان هات ، راستڤەکرنا مووچی وان ژی دی ئێتە کرن.

*** دەربارەی زیادە کرنا مووچی فەرمانبەرا ، بریار ئەوە کو زیادەکرنا مووچی فەرمانبەرا بو ماوی سێ هەیڤا ، زیادە بێتە راوەستان ئەری ئەڤە راستە؟**

– ئەم هەرێما کوردستانی بەشەکین ژ عیراقا فیدرال ، راوەستیانا مووچەی نینە ، ئەڤە رێککەفتنا وەزارەتا دارایی عیراقا فیدرال کری دگەل بانکا نیڤ دەولەتی کو هندەک پێگێری هەنە ل سەر عیراقی بجهـ بینیت ، ئەو پێگێریە پێویستی ب راپورتەکا سندووقا دراڤی یا نێڤ دەولەتی هەیە ، ئەو راپورتا خو بخوینن ل دویماهیکا هەیڤا (١٢) یی بودجا تەمامکەر یا هاتی یە تەرخانکرن بو فەرمانبەرا ، رێککەفتن هەیە کو پارە پتر بو ژێرخانا ئابووری بیت ، ژمارا دانای بو مووچی فەرمانبەرا گەلەک زێدە بوو ، ژ بەر هندی نڤیسارەک هاتییە ژ وەزارەتا دارایی یا عیراقا فیدرال بو مە هاتییە کو وی زیادی بو ماوی (٣)سێ هەیڤا دی راوەستینین هەیڤا (١٠) و (١١) و (١٢) گیرو کەن بو هەیڤا (١) و (٢) و (٣) سالا (٢٠٠٩)ی ئەڤ زیادا مووچی فەرمانبەرا دی ئێتە دان .

*** پروژێن ئاڤاکرنا بانکا گەهشتی یە کیری؟**

– مە ل پارێزگەها هەولێر و دهوک ژمارەکا زور ئاڤا کرینە و نوکە ل قەزا ئامێدیی ئاڤا دکەین و گەلەک جهێن دی ماینە و د بەرنامەی دانە.





أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٦ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

# ڕێکخراوی قوربانییەکانی تیرۆر لە کوردستان پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەیە

**ڕێکخراوی قوربانیانی تیرۆر یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٣) و دوای ڕزگارکردنی عێراق بۆ داکۆکیکردنی لەو کەسانەی کە قوربانی دەستی تیرۆرن دامەزراوە، بەڵام وەک (زەردەشت دلاوەر)ی سەرۆکی ڕێکخراوەکە پێی ڕاگەیاندین کە لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٦) مۆڵەتی فەرمیمان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە، ئەوەبوو ڕۆژی یەکی شوبات بارەگای ڕێکخراوەکەمان کرایەوە، ئێمەش وەک دەستەی کارگێڕی لە (١٥) ئەندام پێکهاتووین، دیارە ئێمە ڕێکخراوێکی NGO نە، واتا ناحکومین، لەبەرنامەشماندایە جگە لە شاری هەولێر ڕووبکەینە شارەکانی دیکەی کوردستان وەک کەرکووک و سلێمانی و دهۆک .**

**ڕاپۆرت/ محەمەد سەعید کوردە**
**وێنە/ فازڵ فەرامۆش**



**ئەندامانی ڕێکخراوەکە**

زەردەشت دلاوەر لەبارەی ئەندامەکانیان گوتی: تا ئێستا ڕێکخراوەکەمان (٣٧٩) ئەندامییەو(١٧) ئەندامیش تا ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوە دایە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام دوای ئەوەی لیژنەکەمان چاو بەداواکەری و بەڵگەکانییان دەخشێنێتەوە، هەروەها (٨٠) کەسی دیکە داوایان پێشکەش کردووە ببن بە ئەندام لەلای ئێمە.

**مەرجەکانی بوون بە ئەندام**

سەبارەت بەمەرجەکانی وەرگرتنیش لەو ڕێکخراوەداگوتی: ئەو کەسە بۆی هەیە ببێ بە ئەندام لە ڕێکخراوەکەمان کە بە بەردەستی ڕەشی تیرۆر کەوتبێ، یان پاشماوەی ئەو زەبرە بەجستەیەوە دیاربێت کە لێیدراوە، هەروەها دەبێ پشتگیریشی هەبێ لەو شوێنەی کە تێیدا تووشی ڕووداوەکە هاتووە هەروەها دەبێ بەڵێننامەش لەلای نووسەری داد پڕبکاتەوە.

**هاوکاری ئەندامان**

سەبارەت بەوەی ئەو ڕێکخراوە چی بۆ قوربانیانی دەستی تیرۆر کردووە، یان لە ئایندەدا چییان بۆ دەکات زەردەشت دلاوەر گوتی: ئێمە پشتگیری مادی و مەعنەویان دەکەین، بەتایبەتی ئێمە سەردانی لقی هەولێری مانگی سووری عێراقیمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئێمەش بخەنە ئەو بەرنامەیەوەو مانگانە هاوکاریمان بکەن، چونکە ئەندامانمان بژێوی ژیانییان باش نییەو پێویستیان بەهاوکاری بەردەوام هەیە، بەنیازیشین لە ئایندەدا کاری باش بۆ قوربانییانی دەستی تیرۆر بکەین، بەو مەرجەی لایەنە بەرپرسەکان هاوکاریمان بکەن.

**گلەیی و گازاندە**

پاشان بەڕێزان گلەیی لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو بۆیە گوتی: ئێمە داوایان لێدەکەین کەچی هیچ وەڵامێکی ئێمە نادەنەوە، بۆیە بەنیازیشین سەردانی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بکەین بۆ ئەوەی هەر جارەی یەک دوو ئەندامان بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکەن، چونکە هەندێکیان چارەسەرییان لێرە ناکرێت.

**داواکاری**

لە کۆتایشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ لە مانگی (٥)ەوە بڕیارێکی دەرکردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە زەرەرمەند بووینە لەکاری تیرۆر، بۆیە داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جیدی بکەن بۆ ئەوەی ئەو بڕیارەش ئێمە بگرێتەوە.

## بەنیازین کاری باش بۆ قوربانییانی دەستی تیرۆر بکەین






أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٧ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

## بەڕێوەبەری پەروەردەی شەقڵاوە:

# ماوەی دووساڵ زیاترە هیچ قوتابخانەیەک لە سنووری پەروەردەکەمان نۆژەن نەکراوەتەوە!!



***سنووری پەروەردەی شەقڵاوە وەک مامۆستا زیاد محەمەد حەمەد ئەمینی بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوبراو باسی لێوە دەکات زۆر بەرفراوانەو تێکڕای قوتابخانەکانی شارۆچکەی شەقڵاوە بە سەرجەم ناحیەو گوندەکانی دەگرێتەوەو زیاتر لە ١١ باخچەی ساوایان و ١٩٢ قوتابخانەی بنەڕەتی ٥٤ قوتابخانەی ئامادەیی هەیە.***

***دیمانە: نزار گزالی- شەقڵاوە***

*** سەرەتا دەربارەی میلاکات مامۆستا زیاد دەڵێت:**

- میلاکاتمان بەدەر نییە لە کەم و کوڕی بەڵام ناشبێتە بەربەست،لەو شوێنانەی کە کەم و کوڕی هەیە، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی هەندێک پسپۆری دەگەڕێتەوە بەتایبەتی لە ئینگلیزی و فیزیا و بیرکاری، هەروەهای بەرفراوانی سنووری پەروەردەکەمان هەندێک گوند کە زۆر دوورن هیچ مامۆستایەک ئامادە نیە لەو جۆرە شوێنانە دەوام بکات، یاخود لە هەندێک لەو جۆرە گوندانە چوار پۆلت هەیە، بەڵام قوتابخانەکە دوو مامۆستای هەیە بۆیە لەو شوێنانە گرفتمان بۆ دروست بووە.

***بەڕای تۆ چۆن دەکرێت ئەم کێشەیە بنەبڕ بکرێت؟**

- دەبێت ئیمتیازێک بدرێتە ئەو شوێنانە، چونکە لە سیستەمی مووچەی تازە جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت،بۆیە من دەڵێم مامۆستای گوندەکان پێویستە دەرماڵەیەکی تایبەتیان هەبێت، هەوەها بۆئەوانەی کە لەگوندەکان دەمێنێنەوە پێویستە شوێنی باشیان بۆ دابین بکرێت، ئەگەر ئەوانە دابین کران ئەو کات ئێمەش دەتوانین جۆرە فشارێک بخەینە سەر مامۆستایان بۆ ئەوەی لە گوندە دوورە کان دەوام بکەن، بەڵام تا ئێستاشی لە گەڵ دابێت مامۆستا هەیە ناوی دەرچووە لە یەکێک لە گوندە ئامادە نەبووە دەوام بکات تەنانەت دوای ئاگادار کردنەوە و پاشان فەسڵ کردن هەر نەچووە، بەڵام ئەگەر ئەو مامۆستایانەی لە گوندە دوورەکان وانە دەڵێنەوە دەرماڵەیەکی زۆر چاکیان بۆ دابین بکرێت ئەوکات مامۆستا هەیە بە ئارەزووی خۆی داوای گوندەکان دەکات.

***چەند گوند لە سنووری پەروەردەکەتان قوتابخانەی نییە؟**

- گوندەکان هەموویان قوتابخانەیان هەیە، بە ڵام باڵەخانەی قوتابخانەیان نییە، ئێستا بە پێی دوایین ئامار کە لەبەر دەستمانە ٤٠ چل گوند قوتابخانەکانیان لە خانووی کرێ دان کە ئەم جۆرە خانوانەش تایبەتمەندی قوتابخانەی تیا نییە، ٢٨ گوندیشمان هەیە قوتابخانەی دووپۆڵی هەیە، کە ئەم جۆرە قوتابخانە دوو پۆلیانە کاتی خۆی کە دروست کران بۆ یەک ساڵ دروست کران کە پێکهاتەکەیان داروو خۆرە ئێستا ئەوانیش بەرەبەرە دەڕوخێن و ناتوانرێ سوودیان لێوەربگیرێت!

*** ئەی بۆ ئەو گوندانەی کە خانووی کرێتان بۆ گرتوون تا لەبری قوتابخانە دەوامیان تیا بکرێت سیستەمێ کرێ دانەکە چۆنە؟**

- کرێی لە شوێنێک بۆ شوێنێک جیاوەزە و



أسماء الألوان / بەدوا داجوون / الصفحة: ٥٨ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

لە سەر جۆری ئەو خانووەش دەوەستێت کە بە کرێی دەگرین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پار ساڵ لەسنووری پەروەردەی شەقڵاوە بە تێکڕای ئەو باڵەخانانەی کە بەکرێمان گرتوون چ وەکو باڵەخانە بۆ قوتابخانە چ وەکو بەشی ناوخۆیی زیاتر لە ٢٥٠ ملیۆن دینار کرێی یەک ساڵ بووە.

*** دەکرێ بزانین دیار ترین گرفتی پەروەردەی شەقڵاوە چیە؟**

- دووبارە هەر باڵەخانە بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسیستەمی نوێی پەروەردەیی کە قوتابخانەی بنەڕەتی هاتۆتە پێش ئێمە رووبەڕووی گەورەترین کێشە بووینەوە، چونکە ئێمە پێشتر قوتابخانەی شەش پۆلیمان دەکردەوە، بەڵام ئێستا قوتابخانە دەبێت نۆ پۆلی بێت، چونکە ئەگەر تۆ لە قوتابخانەیەکی شەش پۆلی سیستمی نوێت پیادە کرد ئەو کات دەبێت قوتابخانەکە دوو دەوامی هەبێت، بەم شێوەیەش واتە هیچمان نەکرد، چونکە ئەگەر بەیەکەوە دەوام نەکەن سیستەمی نوێ چ دەگەیەنێت، هەروەها پێشنیار دەکەم ئەگەر هاتوو لەمەو دوا هەر قوتابخانەیەک دروست کرا با بە شێوازی تازە دروست بکرێت، مەبەستم سیستەمی باڵەخانەی ستونییە، هەروەها ئەو باڵە خانانەی کە هەمانن پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە، پێویستە ئەوەش بزانن کە زیاتر لە دوو ساڵە تائێستا هیچ باڵە خانەیەکمان نۆژەن نەکراوەتەوە، لە دامەزراندنی ئەو ساڵیش تا ئێستا کارەکان لە کات و ساتی خۆی نەکراون، هەروەها بودجەیەکمان لەبەر دەست دانییە کە کارەکانی پێ راپەڕێنین، هەموو شتێک دەبێت بە رەزامەندی دارایی بێت.

*** قوتابخانەی سەفینی کوڕان کە کۆنترین قوتابخانەی شەقڵاوە وەکو ئەوەی قوتابیانی باسی لێوە دەکەن بەهۆی کەم و کوڕی رەنگە دەوامی تیا نەکرێت ! ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟**

-- ئەم قوتابخانەیە بە کەڵکی نۆژەن کردنەوەش نایەت، ئێمە چەندێن راپۆرتی خۆمان سەبارەت بەم قوتابخانەیە نووسیوەو بەرزمان کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە،بۆیە ئەمساڵ رەنگە قوتابخانەکە بگوازینەوە، ئەویش بەسوود وەرگرتن لە سیستەمی نوێ و دەمج کردنی هەندێک قوتایخانە، لێرەوە دەڵێم ئەم قوتابخانەیە شوێنێکی زۆر ستراتیجی هەیە پێویستە باڵە خانەکەی هەڵبوەشێندرێتەوەو دووبارە بنیات بندرێتەوە.

# چارەسەرکردنی گەندەڵی



**سەعید پیرداود عەزیز***

چەند رۆژێک پێش ئێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی کرد هەر بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونەوەو دۆزینەوەی ئەو گرفتانەی پێکهات کە دەبێتە هۆی گەندەڵی، بێگومان گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە نەخۆشییەکی کوشندەیە ئەگەر تووشی هەر حکومەتێک بێت، گەندەڵی هەر بەوە راناوەستێ کە سەروسامانی گشتی بەفیڕۆ دەدات، بەڵکو مەترسی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی دروستدەکات، هەروەها لەوانەیە وڵات بەرەو هەڵدێر ببات و سەربەخۆیی و سیادەشی لەدەست دەدات، زۆر لە وڵاتان کە تووشی ئەو کێشەو نەخۆشییە دەبن یاسای جیاجیا دەردەکەن بۆ رێگەگرتن لە گەندەڵی ، بەڵام زۆربەی وڵاتان دەزگایەکیان هەیە بۆ بەدواچوونەوەی چۆنیەتی خەرجی و داهاتی وڵات، لە عێراقیش ئێستا سێ دەزگای تایبەت هەیە کە چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەن بۆ ئەوەی دامودەزگاکان بەپێی یاساو رێنماییەکان کاربکەن ئەم دەزگایانەش:

١- دەزگای دەستپاکی کە لەدوای رووخانی بەعس دروستبوو.

٢- دەزگای پشکێنەری گشتی لە هەر وەزارەتێک.

٣- دەزگای دیوانی چاودێری دارایی کە ئەمەش دەگەڕێتەوە پێش رووخانی دکتاتۆرییەت و زۆر دەمێکە ئەم دەزگایە هەیە.

لە کوردستانیش دەزگایەکی تایبەت هەیە بۆ ئەم مەبەستە کە پێی دەگوترێت (دیوانی چاودێری دارایی هەرێم) کە بەیاسای ژمارە ١٤ ،ساڵی ٢٠٠٠ دامەزراوە کە ئەم یاسایەش لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

لێرە نامەوێ بچمە سەر کاری ئەو لێژنەیەی کە لە چەند وەزیرێکی بەرێز پێکهاتووە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم راپەڕاندنی کارەکانی حکومەت و بەدەستهێنانی داهات و خزمەتگوزارییەکان هەموو زیاتر لە رێگای وەزارەتەکان جێبەجێدەکرێت، خۆ خوانەخواستە هەر کارێکی نەگونجاو بکرێت زۆربەی زۆری لە دامودەزگاکانی حکومەت کەواتە وەزارەتەکان دەکرێن کەواتە چۆن دەکرێ لیژنەیەک هەر لە وەزارەتەکان پێکبێت و هەر ئەوانیش سەرپێچی و نایاساییەکان دەستنیشان بکەن؟

بۆیە لێرەدا دەڵێم دەبوایە دروستکردن و پێکهێنانی لیژنە لەم چەشنە دەبوایە پرس و رایەک بەدیوانی چاودێری دارایی بکرێت و ئەویش قسەیەکی هەبێت، چونکە زیاتر لە حەوت ساڵە ئەم دەزگایە کاردەکات و زۆر راپۆرتی رەوانەی لایەنە پەیوەندارەکان کردو زۆر لە خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانی کاری وەزارەتەکانییان دەستنیشانکردووە.

بۆیە من لێرە تەنها دوو خاڵی گرنگ دەخەمەڕوو بۆ مەبەستی کارئاسانکردنی ئەم لیژنەیەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتووە:

١- کەمکردنەوەی وەزارەتەکان کە زیاترە لە ٢٥ وەزارەت بۆ نیوە بەنیوەی، چونکە چەند وەزارەتێک هەیە جگە لە خەرجکردنی پارە بۆ پێشینەو بەکرێگرتنی خانوو بۆ دەزگاکانی، هەروەها دابەشکردنی چەند زەوی کە هەی بووە دابەشیکردووە بەناوی (مساطحە) بۆ چەند کەسانێک بەناوی دروستکردنی پڕۆژە.

٢- کاراکردنی یاسای تازە دەرچوو لەژێر ژمارە٢ی ساڵ ٢٠٠٨ دیوانی چاودێری دارایی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بۆ یەکدی گرتنەوەی هەردوو دەزگای دیوان لە هەولێرو سلێمانی.

چونکە زۆربەی وەزارەتەکان کارەکانیان لەیەک دەچێ و پێویست بەم هەموو فەرمانگانە ناکات، هەروەها دیوانی چاودێری دارایی لەماوەی کارکردن هیچ کەمتەرخەمی نەکردووەو ساڵانە هەموو وەزارەتەکانی وردبین کردووەو راپۆرتی خۆی نووسیوە. هیوادارم لیژنەی ناوبراو سوود لەم بیروبۆچوونانە وەربگریت.

*** ی. بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی چاودێری دارایی**



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٥٩ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

# دەوڵەتی بێ کەرکووک
# ئاهەنگی بێ بووک



تەیار عادل گۆران

ئێستاکە ڕەوشەکە وای بەسەر داهاتووە کە گشت گەلانی دونیا هەست بە خواستەکانی هەرێمی باشووری کوردستان دەکەن و دەزانن چیمان لە حکومەتی مەرکەزی عێراقدا دەوێت، هەوڵەکانی سەرکردایەتی کوردیش وەکو مانگێک لە شەوی چواردەدا ئاشکرایە کە چ خواستێکیان هەیە. ئەو خواستەی گەلی کورد ئەوەندە شەفافە کە کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەی بە ئاشکرا لەنێو چەوانی سیاسەتمەدارانی کورد دەخوێنێتەوە کە دەوڵەتی بێ کەرکووک ناخوازین، ڕەنگەش بەهۆی ئەو سیاسەتە شەفافەی کە هەمانە جاروبار توشی گێچەڵە بین، چونکە لە سیاسەتدا هەموو شتەکان شاراوەو فرتو فێڵن بەڵام ئێمەی کورد هەمیشە کەم فرتو فێڵین، ئەوەتا تاکو ئێستاکە دەڵێین برا عەرەبەکان کە برا ئێستاکە هەوڵی لەقوڕ برانە خوارەوەمان دەدات. جاران دوژمنان و ئەو دراوسێیانەمان پێیان کوفرییەکی زۆر گەورە بوو کە ناوی دەوڵەتی کوردی بکەوێتە سەر نەخشەی جیهان، کەچی ئەمڕۆ هەوڵەکان بە ناچاری ئاوا پیشاندەدەن کە دروستبونی ئەو خەونە بۆ کورد نزیکەو ئەمەش لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئەواندایە. کەواتە بە ناچاری ماوەتەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بکەن کە چونی ئەو ناوە بۆسەر نەخشەی جیهان لە سپاردنی مەرگی خۆیان پێیان خۆشتر دەبێت، بۆیەش بە ناچاری لە قیری ئەو ڕەمزەیە بۆ گەلی کورد کە بەلوولەی تفەنگەکان و قەڵەمی خوار کەتافەی گیرفانەکانی سەر شانی قوتکەکانیانەوە دەستیان هێناوە، فشار دەخەنە سەر ماددەی ١٤٠ ئەوان سور و سور دەزانن ئەو چەندەیان لە دەستداوە بۆیە وەکو مەسەلە کوردییەکە کە دەڵێت ریشی لە دەستداوەو نایەوێت سمێڵەکەش لەسەر دانێن، ئەوانیش بۆیان ئاشکرابوە کە هێزی دژایەتیکردنیان بۆ هەرێمی باشووری کوردستان سەبارەت بە دەوڵەت بوون بڕاوە، بۆیە دەیانەوێت دەوڵەتەکەی کوردان کەرکووکی لەگەڵدا نەبێت و بۆ کوردیش کەرکووک وەکو بوکێکە و ئەگەر بوکیش نەبێت ئاهەنگ ناگێڕدرێت کەواتە مەحاڵە کورد بێ کەرکووک بژیت ،هەربۆیەش سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەرێمی باشوور کە نوێنەرایەتی هەموو کوردێک دەکەن بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێک ناکەنەوە بێ کەرکووک. لەبەرامبەر ئەو دەستەواژەیەشدا جیا لە دوژمنان و وڵاتە ناحەزەکانی دەوروبەری گەلی کورد ئەمڕۆ بەشێک لە عەرەبە عیراقیەکانی کە تاکو دوێنێ چلکاوخۆرێکی سەر سفرەی ئێمە بوون و پێش حەسانەوەیان لە بەغدا هەر قەرزداری هۆتێلو چێشتخانەکانی هاوینەهەواری سەلاحەدین بوون کە بەم ڕەمەزانە با دوعایەکی بۆ بکەم خوا خێری بنوسێت سەرکردەیەکی کورد قەرزەکانی ئەوانی خستە ئەستۆی خۆی و گەڕاندییەوە، سەیر کەن ئەمانە ئەو پیاوەن کە دوێنێ پارەی خواردن و خەوتنیان نەبووە و ئەمڕۆکەش هەستاونەتە سەرپێی و بەرامبەر بە کورد قسەی زل دەکەن. مەشهەدانیەک کە لە هەمبەر تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٢ دژی خواستەکانی کورد هەستاو ژنەکەی پێی بلێت ئەوە بێنمەکیە بەرامبەر بە کورد کردی کە ئەم شارەی قەڵاو منارە ٣ ساڵە ئەوی لە ئامێز گرتووە. سەد ڕەحمەت لە گۆڕت مام هەژار کە گوتوتە نانمان بێ خوێیە. ئەوە هەرباسی هەوڵەکانی ئەمڕۆی ئەلمالیکیش نایەتە گۆتن بەو پەڕی وزەکانیەوە کە لە خواردنە کوردییەکان گرتویەتیە بەر بڕیار دەدات بۆ گەڕاندنەوەی سوپای عیراقی بۆ سەر هێڵی ٣٦ و دەیەوێت دەسەلات بەسەر گشت ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە تەعریب کراون لە لایەن ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕ و لە زمنی ماددەی ١٤٠ دان جگە لەو هەڵمەتەی ناوچەی خانەقین و جەلەولاش کە کردی لە پال ئەمە زیاتر لە ١٠ ئامر فەوجی کوردی لە سوپای عیراقدا لە ناوچەی موسڵ بۆ ناوچەکانی باشووری عیراق گواستەوە تاوەک دەسەڵاتی کورد لەنێو سوپا کەم بکاتەوەو لەشوێنی ئەواندا کۆنە جاشو تیرۆرستانی دوێنێی دامەزراند لەنێو ئەو سوپاییەی کە کورد بەهێزی کردوو دای مەزراند ، هەموو هەوڵەکانیشی بۆ ئەوەیە کە فشار بخاتە سەر ماددەی ١٤٠ و بە کوردی و کورتی بۆ مالیکی لەشەکر خۆشترە کە کورد بلێت ئێمە لەناوچەکە دەچین و دەبین بە دەوڵەت بەبی کەرکووک، بەلام ئەوە تاچەند لە بەرژەوەندی کورد دایە و دەوڵەتەکەی دایە...!
وەڵامی ئەم پرسیارەم با بۆ ئەو دەم بێت.

ttayargoran@yahoo.com





أسماء الألوان / بةدوا داجوون / الصفحة: ٦٠ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

نیسێ

# دکتۆر شوفێر...!

فەرزین کەریم
تەنزاندوویەتی



– ئایا هیچ یەک لە ئێوە شوفێری دەزانێت؟!

پێویستی بە وەڵامدانەوەی کەسی نەدەکرد، چونکە هەموویان بێدەنگ بوون!.. لە دڵی خۆمدا گوتم دیسان بەزمەکەی جارانە ترحێو..!

ناچار لە دواوەی ئیسعافەکە هاتمە خوارێ، بەو نیوە شەوە سەگەکانی گوند هەدایان نەدەدا، وەکو ئەوەی پێشبڕکێیان بێت، لەسەر یەک دەوەڕین!. دوای سوڕاندنی سویچی ماشێنەکە، گلۆپەکانی ئاگادارکردنەوە پێکرد و لێم خوڕی.. جێگۆڕکێی رووناکی گڵۆپەکان لە تاریکاییەکەدا، هێندەی دیکە دڵ توقێنەربوو!

نەخۆشەکە جەڵتەی دڵی لێدابوو، رەوشی تا بڵێی شڕ بوو، جاروبار ئاوڕێکم بۆ دواوەی ماشێنەکە دەداوە، تازە لە هەورازییەکانی ئەو چیایەی کە دەیڕوانیە گوندەکە، سەرکەوتبووین، کە لە پڕمەی گریان دا داپیرکی نەخۆشەکە، وای لێکردم وێڕای تیژلێخوڕینم لەو هەورازییە توندە، ستاپێکی توند و لە ناکاو بگرم و باڵانسی ئوتومبێلەکە بێنمەوە سەر سفری رووت!. دەنگی سیرەی ستاپەکە، زەندەقی سەگێکی بەرەڵاو گوڕووی سەرشەقامە چۆلە ترسناکەکەی برد.. سەگەکە تا پێیکرا تێیقووچان و رایکرد!

بەپەلەخۆم هاوێشتە ژووری دواوەی ماشێنە فریاگوزارییەکە، بەپاڵدانی کەسێکی نەخۆشەکە جێی خۆم کردەوە، نەخۆشەکە دڵی بە تەواوەتی لە کارکردن وەستابوو، هەموو توانای خۆم خستەگەڕ بۆ ئەنجامدانی (CPR)، واتە بووژاندنەوەی دڵ و سییەکانی نەخۆش، بەهەموو تینی خۆم، بە لەپی دوودەستەکانم گوشارم خستەسەر سنگی نەخۆشە هەناسە لێبڕاوەکە.. بێ سوود بوو!. داپیرە بە منگەمنگ و دەنگێکی لەرزۆک گوتی: ئەتوو دکتۆر بای لە گوندیش چارەی خورتی منت دەکرد! بڕۆلێخوڕە!

بە دەست خۆم نەبوو نەمدەتوانی هەستەکانم بشارمەوە، کە نا ئومێدییان پێوە دیاربوو، بۆیەشە زیڕ و هۆڕی کەسوکاری نەخۆشەکە، بەهەر گوشارێکی نائومێدانەی من بەرزتر دەبووە!. وەکو ئەوەی کە ولێمی دەنگی بلێندگۆیەک بە شێوەیەکی پلە بە پلە بەرزکەیەوە، لە دواجار بە جارێک وێڕای هێزی خۆم تەواوی قورسایی جەستە قورس و عارەق رێژکراوەکەی خۆم خستەسەر لاشە لاواز و قەڵەمەییەکەی گەنجە نەخۆشەکە، خوشکە قەیرە کچەی نەخۆش، بە گریانەوە هاواری لێ هەڵسا: ئێسقانەکانت ورد کرد!، گەنجە نەخۆشەکە خۆشبەختانە، نە تەنیا ئێسقانەکانی نەشکان، بەڵکو روحیشی هاتەبەر!

بزەیەکم هاتە سەر لێوان، هەر ئەو جووڵەیەش تەواوبوو تاکو ئورکستراى زیڕ و هۆڕەکە خامۆشی بنوێنێت!. دەتگوت کابینەکەی ئیسعافەکە شانۆگەری تێدا پێشکەش دەکرێت و، ئەکتەرەکانیش هەموویان سوپەرستار و پرۆفیشناڵن، بە جارێک بزە شوێنی گریانی گرتەوە!

وەکو کۆماندۆسێک خۆم لە ئۆتۆمبێلەکە هاویشتە خوارێ و بە جوولەیەکی جیمناستیک ئاسا، نەمزانی چۆن خۆم لە پشت سوکانەکە بینییەوە!.. دووبارە ماشێنەکە، بە ترناش دەرپەڕی و بێ دەنگیی کوێستانە پڕ لە داروبارەکانی (پیران)ی شێواند، لە رێگا پڕ لە پێچ و پەناکەدا، چەند جارێک هەمان تاس و هەمان حەمام!! تا نەخۆشەکەم لە دەڤەری مێرگەسوور گەیاندە شاری سۆران، هەمان سیناریۆیە تێکەڵەی تراژیدی – کۆمیدییەکە دووبارە بووە!

(من وەکو ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردن، چەند رۆژێک بوو لە خیوەتگایەکی وەزارەتی رۆشنبیری لە هەوارگەی پیران، کە بۆ سەد گەنج سازکرابوو، لەگەڵ دکتۆر و ئیسعافەکەی کە ئامادەگییەکی بەردەوامیان هەبوو، سەرباری گوێگرتن لە بەسەرهاتەکەی، دەست سوکان و شوفێرییەکەم هەڵدەسەنگاند، بەڕاستی دکتۆر شوفێرییەکەشی، وەکو پیشە راستەقینەکەی رێکوپێک بوو!!)

بە پێی بەرنامەی خیوەتگاکە، ئەو رۆژە، دکتۆر و ئیسعافەکەی و منی خۆ تێهەڵقورتێنەر، پێکەوە لەگەڵ کاروانی کۆستەر و پاسەکانی بەشداربووانی خیوەتگا بەرەو هەوارگەی (پانک) لە رواندز دەڕۆیشتین.

دکتۆر بەردەوام بوو لە قسەکانی: لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانم لە بنکەی تەندروستی، چەندین نموونەی وام بەسەرهاتووە، هەندێک جاران، بە خۆشم نازانم دکتۆرم یان شوفێر!، چەندین جار، داوای ناردن یان دامەزراندی شوفێرێکمان بۆ ئیسعافەکە کردووە، بەڵام تا ئێستاکە ئاکامی نەبووە! (پێکەنینێکی لە ناکاو و لە قووڵایی دڵەوەی کرد) سەیرەکە لەوەدایە، هەر لە گوندەکەدا، دائیرە هەیە بە دەرزەن شوفێر و خاوێنکەرەوەی بێکاری هەیە!!



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦١ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM

## هەق و ڕەق

# ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەندە بەبوونی یاسایەکی دژە گەندەڵی، یان پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای پاکسازیی دەسەڵاتدار



عەزیز هەریری

لەماوەی ئەم چەندساڵەی دواییدا لەزۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و، لەسایتەکانی ئەنتەرنێتدا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان ڕۆژانەو هەفتانە باس هەر باسی گەندەڵی و دزینی سەروەت و سامانی گەل و نەتەوەکەمانە، تەنانەت کار بەوە گەیشتووە نووسەری تایبەتمەندو پسپۆڕ بۆ وورووژاندنی ئەم بابەتە هاتوونەتە ئاراوە، بەشێکی زۆری ئەو نووسینانەیش کە ئەو بەڕێزانەی دەینووسن و بڵاوی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی بەژمارەو بەڵگەنامەی ڕەسمییەوە نووسیویانن و خستوویاننەتە ڕوو، مرۆڤ زاتی ئەوە ناکات بڵێت ئەمانە شتی هەڵبەستراون و ڕاست نین، چونکە وەکو لەبواری نووسین و بڵاوکردنەوەدا باوە هەموو ئەو بابەت و نووسینانەی بەژمارەو بەبەڵگەی ڕەسمییەوە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان و لەسایتەکانی ئەنتەرنێتدا بڵاودەکرێنەوەو دەکەونە بەر دیدی خوێنەران، کەسی خوێنەرو بەدواداچوی ئەم جۆرە نووسینانە بەناچاری باوەڕیان پێدەهێنێت، بەتایبەتی کەلایەنی باسکراو هەمیشە لێی بێدەنگ دەبێت و وەڵامێکی زانستانەی دروست و پێویستی لەبارەیەوە نابێت. بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەی گەندەڵی و گەندەڵکارییە دوو سێ ساڵە زۆر بەزەقی سەری هەڵداوە، خەڵکانێکی زۆریش لەوانەی لێرەو لەوێ وشەی (گەندەڵی) یان دەکەوێتە بەرچاو بەر لەهەر شتێک بیریان بۆ مەسەلەی (پارەو دزینی سەروەت و سامانی دەوڵەت) دەچێت، لەکاتێکدا وشەی گەندەڵی هەموو کارێکی کارگێڕی و دارایی نادروست و نایاسایی و خراپ دەگرێتەوە، کە دزین و بەخراپی بەکارهێنانی دەسەڵات و موڵک و ماڵی گشتیشی لێ بەدەر ناگیرێت.

لەکۆتایی مانگی ئابی ڕابردوو ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، لەکۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٠٠٨/٨/٢٤) ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا (کە تایبەت بووە بەو کەم و کووڕیانەی لەشێوازی کارکردنی وەزارەتەکان و حکومەتدا هەیە و ئەم خاڵە ڕستەوخۆ خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە تا چارەسەرێکی گونجاو بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بدۆزرێتەوە، هەروەها هۆکارەکانی ئەو کەموکوڕیانەیش کەبوونەتە مایەی گەندەڵی و شێوازی بەرەنگاربوونەوەو هەنگاونان بۆ کەمکردنەوەیان باسیان لێوەکراوە، هەرلەوکۆبوونەوەیەشدا بڕیاردراوە لیژنەیەک بۆ دیراسەتکردنی سەرجەم ئەو پڕۆژەو ڕاپۆرت و پێشنیازانەی خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە پێکبێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەم و کووڕی و گەندەڵی)، بێگومان ئەم هەنگاوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی چەند سەعاتی بەسەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بەئامادەبوونی بەڕێز عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەت و، زۆربەی وەزیرە بەڕێزەکانی بۆ تەرخانکراوە، ئەگەرچی کاتەکەی درەنگەو دەبوو ئەم کارە زۆر بەری ئەمڕۆ بکرایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێ کردنی خاڵ و بڕگەکانی بۆ ئەمڕۆ کارێکی پیرۆزەو جێگەی دەستخۆشی لێکردنە، مادامەکی مەبەستی سەرەکیی کۆبوونەوەکەو، ئەو لیژنەیەی بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکەپێکهاتووە پەیوەستە بە (دانانی بەرنامەیەکی تۆکمەو هەمەلایەنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەموکووڕی و گەندەڵی و، باشترکردنی ئەدای کاری وەزارەتەکان و ڕێگەگرتن لەو هۆکارانەی،کە دەبنە مایەی دروستبوونی گەندەڵی).

وەکو زانراویشە دیارە (ژمارەیەک وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پڕۆژەیەکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێشکەش بەسەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم کردووە، لەئەنجامی ئەوەدا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەپڕۆژەکان پێکهێنراوەو بڕیارە لە تەواوی ئەو پڕۆژانەیش چەند ڕێنماییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەربهێندرێن) کە لەچەند وەزیرێکی بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، وەکو لەپێشەوەیش ئاماژەم بۆی کردووە،جارێکی دیکەیش ئەوە تەئکید دەکەمەوە، کە ئەم بڕیارەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کارێکی پیرۆزەو جێگەی دەستخوشی لێکردنە : مادامەکی بڕیارەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندڵی و باشترکردنی ئەدای کاری وەزارەتەکانە،کە دەرەنجام وادەشکێتەوە خزمەتێکی باشترپێشکەش بەهاوولاتییانی کوردستان بکرێت و،هەموو ئەوکەسانەیش کە لەداوودەزگاکانی حکومەتدا پەنا بۆ کاری نادروست و نایاسایی دەبەن و، دەبنە مایەی سەرهەڵدانی گەندەڵی و زێدەبوونی ڕۆتین و نانەوەی تەگەرەو گرفت لەبەردەم ئیشو کاری هاوولاتییاندا پێویستە دەستنیشان بکرێن و، لەو پۆستانەیش کە وەریان گرتوون دووربخرێنەوەو بەپێی یاسا ڕەفتاریان دەگەڵدا بکرێت..

لەڕاستیدا من ئەوپەڕی ڕێزم بۆ بڕیارەکەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو وەزیرە بەڕێزانە هەیە، کە بوونەتە سەرۆک و ئەندامی لیژنەکە، بەڵام ئەوەی من لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سایتەکانی ئەنتەرنێتداخوێندوومەتەوەو بەدواداچوونم بۆی کردووە،پێموانییە وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووبێت لەدانە پاڵی کاری گەندەڵی و ئەدای نادروستی کارکردنی ڕۆژانەی خۆی بەدەرگیرابێت، بەڵکو هەریەکەو بەپێی ئەو کارەی ئەنجامی داوەو دەیدات جۆرە گەندەڵییەکی پێوە لکێنراوەو، لەئەداو ئەنجامدانی کارەکانیشیدا وەکو پێویست باس نەکراوە، ئیتر ئەوەی گوتراوەو بڵاوبۆتەوە ڕاست بووە یان نا ، ئەمەیان جێگەی هەڵوەستەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێکی وردە، بەڵام کاتێک خودی وەزیرەکان کە دەسەڵاتی باڵای وەزارەتەکانیانن دەکرێنە لیژنەی تایبەت بەکۆڵینەوە لەکاری نادروست و گەندەڵی، پێموانییە ئەوەی مەبەستی هەموو لایەکمانە وەکو پێویست بەدی بێت : چونکە وەزارەتێک ئەگەر بەخراپی باسی کرابێت و کاری گەندەڵی بەهەموو ماناکانەوە درابێتە پاڵ، وەزیرەکەیشی سەرۆک یان ئەندامی لیژنەیەک بێت، کەبۆ بەدواداچوونی ئەم کارانە پێکهاتبێت،دەبێ تا چەند پێ بەجەرگی خۆیدا بنێت و بڵێت : خۆم یان وەزارەتەکەم گەندەڵی یان ناتەواوی لەکارەکانماندا هەبووە، بۆیە بەبۆچوونی من پێویست بوو بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لیژنەیەکی شارەزاو پسپۆڕ لەدیوانی چاودێریی داراییەوە-کە ئەم کارە کارێکی سەرەکیی ئەوانە- پێکبهاتایەو، لەئەنجومەنی وەزیران و هەر وەزارەتێکیشدا نوێنەرێکی بەپلەی ڕاوێژکار یان بەڕێوەبەری گشتی تیدا ئەندام بوایەو، هەموو دەسەڵاتێکی کارگێڕی و دارایی و بەرزەفتکردنی لەلایەن سەرۆکایەتیی حکومەتەوە پێبدرایە، بۆ ئەوەی بیتوانیایە ئەوەی بۆی نەخشەڕێژکراوە ئەنجامی بدات و، موجامەلەو موساوەمەیش لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێک نەکات، هەر ئەو لیژنەیە بۆ باشتر جێبەجێکردنی کارەکانی پێویست بوو ئەم شتانەیشی بخرایەتە بەردەست : (١- لیستی هەموو پڕۆژەکان بەتەواوبوو و ئەوانەیش کە هێشتا کاریان تێدا ماوەو هۆکاری تەواو نەبوونەکەیان، بەوانەیشەوە کە بەباشی ئەنجام نەدراون،٢- لیستی خەرجییەکانی هەموو وەزارەتەکان ئەوانەی لەهەردوو وەزارەتی داراییەوە ڕەزامەندییان بۆ کراوە،٣- لیستی یەکلاکردنەوەی هەمان ئەو خەرجییانەی کەلەوەزارەتەکانەوە ئەنجامدراون، ٤- هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی دیوانی چاودێریی دارایی کە لەهەردوو ئیدارەکەدا لەبارەی کاروباری کارگێڕی و دارایی وەزارەتەکانەوە بەرەو ڕووی سەرۆکایەتیی حکومەتیان کردوونەتەوە، ٥- ئەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن لیژنەکانی وردکاری و پشکنینی هەردوو وەزارەتی داراییەوە لەمەڕ کاری ڕۆژانەی وەزارەتەکانەوە دراونەتە سەرۆکایەتیی حکومەت، ٦- دانیشتن لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندداره‌کانی نێو دیوانی وەزارەتەکان و داوودەزگاکانیانەوەو ،ئەولیژنانەیش کەپارەکانیان خەرجکردووە ،یان کاری ئەنجامدانی پڕۆژەکان و ئەرکی سەرپەرشتی و کارگێڕییان لەئەستۆدابووە،٧- لەپاڵ زۆربەی ئەو نووسینانەی بەژمارەو دیکیۆمێنت لەسەر وەزارەتەکان و داووەزگاکانیانەوە نووسراون و بڵاوبوونەتەوە)، من بەبۆچوونی خۆم پێموایە ئەگەر وا بکرێت ئەوکاتە بەلانی کەم ئەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم گەرەکێتی بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و کاری نادروست لەداوودەزگاکانی حکومەتدا دڵنیام ئاکامێکی باشی لێ دەکەوێتەوە، لەوەیش زێتر دەڵێم: خۆزگە هەرچی زووە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی دژە گەندەڵی دەخستە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و، لیژنەیەکی باڵای (نەزاهە- پاکسازی) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا پێک دەهێنا ،پێشموایە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەندە بەبوونی یاسایەکی دژە گەندەڵی، یان پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای پاکسازیی دەسەڵاتدار، بۆ ئەوەی لەوەزێتر باس لەبوونی گەندەڵی و کاری نادروست لەداوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نەکرێت!!

aziz.hareri@yahoo.com



أسماء الألوان / بەدوا داچوون / الصفحة: ٦٢ / ٩/٩/٠٨ / 2:07 AM